# له نێوانی شۆڕش و ئەدەبدا

هەڤپەیڤین لەگەڵ گۆڤاری (( گەلاوێژی نوێ))دا

+ پشکۆنەجمەدین، لە شۆڕشەوە بۆ ئەدەب و رۆشنبیری!.
_ کامە شۆڕش و چۆن و لە کوێ؟، پێتان وایە شتێک بە ناوی "شۆڕش" لە گۆڕێدایە؟!.. با خۆمان لە دنیای جەنجاڵ و پێچەڵپێچی ئەو چەمک و تێرم و مانایانە نە هاوین کە لێدەرچوونیان بە هیچ شوێنێکمان ناگەیەنێ. تۆ سەر بە میللەتێکی بەدبەخت و مەحکوم بە قەدەرێکیت لە سڕینەوە و جینۆساید. میللەتێک سەراپای مێژووەکەی رەنگینە بە هەستان و رۆچوون، سەرهەڵدان و شکست، گلان و دیسانیش موقاوەمەت و خۆ لەژێر کێردی قەساب راپسکاندن، میللەتێک قەدەری "شۆڕش"ی بە سەردا سەپێنراوە و بە "شۆڕش" نامۆیە!. "شۆڕش"، بۆ من دنیایەک بوو بۆ ئاشنابوون لە دنیا و بەڕێوەچوونی سیاسەتێک لەو دنیا داخراوەدا کە هیچ رەگەزێکی ئەقڵانی تێدا نەبوو. شۆڕش، حیزبی تێدایە و حیزبیش هەموو توانست و وزەیەکی یاخیبوونت لێ زەوت دەکات. حیزب، هەموو خەونەکانت لێ دەڕفێنێ و تۆ لە ماڵی ئەودا دەبیتە زیندانیی و ژەنگ هەڵدێنی. لە دوا جاردا، شۆڕش بۆ من فێڵێکی گەورە بوو لە ماڵێکی پڕ کارەساتدا کە بە "سیاسەت" هەڵچنرابوو. ئەو، بۆ من قوتابخانەی خۆناسین و خۆدۆزینەوە بوو!. "شۆڕش"، خەونێک بوو هەرگیز بۆ من نەبوویە واقیع و ئەنجام بە دەستێکی زبر و خوێناوی(ئەمێستاش مەمنوونی ئەو دەستەم)، لە رۆژنەیەکی سیحراوییەوە بۆ دنیایەکی پڕ سیحری فڕێ دام!!.. دنیای فەنتازیا جوانەکانی نووسین و ئەدەب!.

+ ئەدەبی کوردی لە ناوجەرگەی سیاسەتدا بوو،چۆن پشکۆنەجمەدین سەیری پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەت دەکات؟!.
ـ سیاسەت، ئەگەرچی وەکو زانستی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و ڕێکخستنی پەیوەندییە فرەلایەنییەکانی نێوان تاک/ کۆمەڵ/ دەسەلات و دەسگا دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان پێناسە دەکرێت، وەلێ سەرجەمی کارەسات و تراژیدییە ئینسانییەکان، جەنگ و وێرانکارییەکان، ئیغتراب کردن و تێکشکاندنی ئینسانەکان و کوشتنی خەونەکانیان، لە سیاسەت و سیاسەتکاران دەکەوەنەوە و ئەرکی ئەدەبیش ڕۆنانەوە و خولقاندنی دنیایەکی پڕ جوانییە لەماڵێک لە فەنتازیادا کە لەسەر دنگەکانی واقیع داڕێژراوە و بە دەستەکی خەیاڵ دارەڕا کراوە. ئیدی دیارە، پەیوەندییەکە؛ ململانێیەکی ئەبەدییە لە نێوانی: دزێو/ جوان، دۆزەخ/ بەهەشت، رووخاندن/ بنیاتنان، باڵکردن و دەستەمۆکردن/ هەڵچوون و فڕیندا!.
ئەدەب، بە شێوەیەک لە شێوەکان مەحکومە بە سیاسەت و لەگەڵ ئەودا لە کێشمەکێشێکی بێکۆتاییدا، جەسوورانە کەڵەوەکێشی دەکا. ئەدەب دەنگی بڵندی ناڕەزایی و ڕەتکردنەوەی خولقێنەرەکەیەتی بۆ دنیایەک کە سیاسەت دەیخولقێنێ. "کاوشینجیەن" گوتەنی (( نوزەی نێو جیهانێکی پڕ لە هەرای دەنگدڕاوە، ئەگەر ئێمە لەو هەراوهوریایەدا نەخنکێین، لە بێدەنگیدا دەمرین. من پێموایە ئەدەب تەنیا وەستانەوەی تاکەکەس نییە لە رووی ئەو دەوروبەرەی کە خۆی تێدا دەبینێتەوە، لە رووداوەستانەوەی مردنیشە. ئەدەب نە جیهانی پێ دەگۆڕدرێت و نە خودیش، بەڵام هیچ نەبێت بەرانگاربوونەوە و لەرووداوستانەوەیە!)).
+ بە رای ئێوە شیعر لە رۆژاوادا بەرەو چ ئاستێک دەڕوا؟!.
ـ چ پرسێکی سەختە؟!. کێ دەتوانێ ئەو پێشبینییە بۆ چارەنووسی شیعر لە رۆژاوادا بکات و خەملی بۆ لێ بدات؟!.

+ غینائییەت چ بایەخێکی ماوە لە رۆژئاوا و شیعری رۆژئاوادا و بەو پێیەی کە دەسەڵاتی ئەقڵانییەت بە رادەیەک زاڵە کە زۆر شتی کردووە بە ئامێر. باشە ئەگەر راست بێت کە شیعر لە رۆژئاوادا بەرەو کزی دەڕوا، تۆ چی دەربارەی شیعری کوردی دەڵێی؟. بیریاری عێراقی عەلی وەردی، هەر زوو ئەوەی دەوتەوە کە شیعر لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و مەدەنیدا بەرەو کزی دەکشێ، بەو پێیەی شتە ئەقڵانییەکان زاڵ دەبن!.

_ دەسەڵاتی ئەقڵانییەت و مۆدێرنێتە لە پرۆسەیەکی مێژوویدا، کۆمەڵگەی مەدەنییان خولقاندووە و ئەو سیستەمە مۆدێرنەش کە بە کۆمەڵگەی هاولاتی یان "خۆشگوزەران" ناسراوە، لە ماوەی نزیکەی سێ سەدەدا، وێڕای دەسکەوتە گرنگ و پڕ بەهاکانی، کۆمەڵێک ئیشاکالاتی خولقاندووە و خودی خۆیشی وەکو سیستەمێکی؛ سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری، رۆشنبیری و ئینفۆڕماشوونی کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە. کۆمەڵگەی مەدەنی و سیستەمی گەشەکردووی سەرمایەداری لە رۆژئاوادا کە وەکو سیستەمێکی کۆنترۆڵکار و بەئامێرکردنی شتەکان و ئینسانەکان دەخوێندرێتەوە، وا دێتە پێشچاو کە سەرپاکی شتە رۆحی و دیاردە رۆمانسییەکانی کردبێتە بەرد، دیاردەی نامۆیی و یاخیبوونی "تاک"یشی لە ئاست دەسەلات و ئامێر و سیستەمی کۆمەلایەتیدا هێناوەتە گۆڕێ. ئەم سیستەمە نە بۆی لواوە و نە دەشتوانێت خەمی ئینسانەکان، خەون و خولیای ئینسانەکان، تێفکرین و تێڕامانی ئینسانەکان لەمەڕ؛ سرووشت و بوون، جیهان و مەرگ و فەنابوون، خۆشەویستیی و پەیوەندییە رۆحییەکانی نێوان ئینسانەکان بەئامێر بکات و هەموو هەست و نەست و پەژارە و دڵەڕاوکێکانی مرۆڤ لە مێشکی کۆمپیوتەر بئاخنێت!.

پاشتر ئێمە بە چیدا بزانین کە بزاڤی شیعر روو لە داچوونە؟!.بەڕاست پێوەری ئێمە بۆ هەڵکشان یان داکشانی بزووتنەوەی شیعریی

چییە؟.چی بکەین بە پێودانگ تا بتوانین لە بارودۆخی ژیانی شیعر بگەین؟.. ئاماری ژمارەی شاعیران و دیوانە چاپکراوەکانیان، یاخود ئاستی تێما و نێوەڕۆک و شیعرییەتی دەقەکان، ژمارەی شیعرویستان و پەرۆشییان بۆ بەدواداچوون و کڕینی دیوانەشیعرەکان؟. رەنگە ئەمانە هیچیان بە وەڵام یان ئەنجامێکی واقیعیمان نەگەیەنن!. شیعر ئەو ژانرە پڕ ئەفسوونەی ئەدەبە کە بە هیچ ژانرێکی دیکەی ناچێت و هیچ چەمک و پێناسەیەکی بڕیاردراویش لەخۆ ناگرێت. پێموانییە شیعر بە پێی ئەو خەسڵەتانەی لە خۆیی گرتوون، بتوانێت تەواوی زمان، تەکنیک، وێنە، خوازە، هەناسە، موزیک، هەست، چێژ و بۆنی خۆی بە قەرز بداتە هیچ ژانرێکی دیکەی ئەدەب و بارگە و بنەی تێک بنێ و ماڵئاواییمان لێ بکات!. رۆمانی سەرکەوتوو، بە زمانی شیعر دەپەیڤێ و هەناسە لەو قەرز دەکا، بەڵام نابێتە شیعر. رۆمانەشیعریش لەماڵی شیعردا دەستی تەسلیمبوون بڵند دەکا و هەموو هەناسەکانی ژیانی لە شیعر وەردەگرێ و دواجار لە شیعردا دەتوێتەوە، کەچی شیعر لە بەردەم رۆماندا، رووت نابێتەوە!.

دەشێ شیعرلە رۆژئاوادا هێزی پەنجاکان و شەستەکانی خۆی لەدەست دابێت و تێما و نێوەڕۆک و زمانی گۆڕانیان بەسەردا هاتبێت. وەلێ شیعر دەژی و هێشتاش خوێنەر و گوێگری خۆی هەن. لە ساڵێکدا سەدان کۆمەڵەشیعر چاپ و بڵاو دەکرێنەوە، کۆڕی شیعرخوێندنەوە بەڕێوە دەچن، دیارە وەکو کوردستان نا!!.

ئەقڵانییەت و دەسەڵاتەکەی لە رۆژئاوادا هەرچییەکیان کردبێت، نەیانتوانیوە؛ هاوسەنگیی نێوان وەرزەکان بگۆڕن، ژمارەی رۆژەهەتاوییەکان زیاد بکەن، رۆژگارە نووتەکەکان رۆشن بکەنەوە، پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ کاڵ بکەنەوە، مرۆڤ لە سرووشت بتۆرێنن. زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێین: هەتاو، دەریا، هاوین،

شەختە و سەهۆڵبەندان و خەم و خۆشەویستییەکانی مرۆڤ بۆ سرووشت، رەگەزە دیارەکانی شیعر و غینائییاتی سویدین.

+ ئێوە ـ مەبەستم لەو ئەدیب و رۆشنبیرانەیە کە دەمێکە لە دەرەوەن ـ دەتوانن هەوڵێکی چاک بۆ پێشخستنی وەرگێڕان بدەن. بۆچی هەوڵێک نادەن بۆ کۆکردنەوەی کاری وەرگێڕان لە چوارچێوەیەکی جەماعیدا؟!.

ـ ئەوی تا ئێستا لە بواری وەرگێڕاندا ئەنجام دراوە، تەنیا هەوڵ و کۆششی "تاک" بووە و لەو ئاستەشدا بە تێڕوانین بۆ کاری کورد و باری رۆشنبیریی کوردی، "نەک میللەتانی دیکە"، کەم و زۆر شتێک کراوە. هەندێ پرۆژەی وەرگێڕانیش هەن، کە بەرهەمی هاوکاریی دوو نووسەر یان زیاترن پێکەوە و لە بەرهەمی وەرگێڕدراوی تاکوەرگێڕەکان سەرکەوتووتر و بەرزترن.

پێموایە بزووتنەوەی وەرگێڕان بۆ ئێمەی کورد بە بەراورد لەگەڵ میللەتانی تردا، لە سەرەتای کاردایە و جارێک بزووتنەوەیەک نییە کە کارکردی لە نێو پانتایی رۆشنبیریی کوردیدا دیار بێت. ئەم کێشەیە پەیوەندی بە خەمساردی و تەمبەڵیی نووسەر و رووناکبیری کوردەوە نییە، بەڵکو سەروکاری لەگەڵ نائامادەیی ئەو هەلومەرجە ماددی و ئابوورییەدا هەیە کە دەتوانێت پرۆسەی وەرگێڕان لە کاری تاکەوە بۆ کۆمەڵ یان گرۆپ بگوێزێتەوە. میللەتانی ناکوردی لە تاراوگەژیاو، چەندین نێوەند و دەسگای چاپ و بڵاوکردنەوەیان هەیە کە دامودەسگا دەوڵەتی و ئابوورییەکانی وڵاتی خۆیانیان لە پشتەوەن و سەرمایەگوزارییان تێدا دەکەن. لەدنیای ئەمڕۆدا، ئیدی کاری رۆشنبیری و نووسین و وەرگێڕان بازنەی کاری تاکەکەسییان بەزاندووە و بێ سەرمایە و وەگەڕخستنی توانای ئابووری، مەحاڵە بە ئەنجامێک بگەن!. بەشبەحاڵی دەسەڵاتە کوردییەکانی وڵاتی خۆمان، چەند بڵێی لەو بوارەدا کەمتەرخەم و خەمساردن و هەتا ئێستا بیریان

لە دامەزراندی نێوەندێکی رۆشنبیری و چاپ و بڵاوکردنەوە نەکردوەتەوە، کە کۆکەرەوە و وەگەڕخەری توانستە رۆشنبیرییەکانی کوردی دەرەوەی وڵات بێت.. نێوەندێک، کە تاپۆی حیزب و بەرژەوندییە حیزبییەکانی لەخۆ نەگرتبێت، بەڵکە خزمەتکردن و گەشەکردنی بزاڤی رۆشنبیریی لە بەرچاو بێت. بەبێ بوونی وەها دەسگایەک کە نووسەر، وەرگێڕ و رۆژنامەنووسە بەهرەدارەکانی کورد بخاتە گەڕ و ژیانی رۆژانەیان بۆ مسەوگەر بکات، ئەنجامدانی کاری بە کۆمەڵی رۆشنبیریی مەحاڵە!.

+ لە چەند شیعرێکی پشکۆنەجمەدیندا چاومان بە نموونەی شیعری "بەسەر"ی کەوتووە کە تیدا وشەکان بەشێوەیەکی موجەسەم بەسەر لاپەڕەدا دابەش کراون، رات چییە بەرامبەر ئەو هەوڵانەی لە شیعری کوردیدا هەن و لەم چەشنە موجەسەمەن؟. من لە وتارێکی وەرگێڕاودا لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری "ئەل تەلیعە ئەدەبییە"ی ساڵی 1982، باسێکی چاکم دەربارەی شیعری نوێی سویدی خوێندووەتەوە و گەنجەکانیان زۆر لەسەر ئەم جۆرە شیعرانە وەستاون. دیارە ئاگاداری ئەم هەوڵە سویدییانەن. ئایا ئەم کارەی تۆ عەفەوی هاتووە یاخود بەرنامەت بۆ دارشتووە؟!.

ـ رایەک هەیە دەڵێ:" نووسین فێڵێکی جوانە و لە خوێنەر دەکرێ!". ئەگەر کەمۆکەیەک راستی لەم بۆچوونەدا هەبێت، ئەوا دەشێ فۆڕم و تەکنیک و شێوازی نووسین، بەشێکی گەورەی ئەم فێڵە بن. بە بارێکی دیکەدا، دەکرێ بڵێین: فۆرمی شیعر و جوگرافیای دابەشاندنی وشە و وێنەشیعرییەکان لە فەزای سپیی کاغەزدا، بەشێکن لە ئیستاتیکای دەق. ئەم شێوازە هەندەسییە و خولقاندنی بۆشاییەکان لە ستاتۆی دەقدا، فەزایەک بۆ تێڕامان و خوێندنەوەی دەق لای خوێنەر دەخولقێنێ و زەمینەیەک بۆ کەشفکردنی ئەو وێنانە دەرەخسێنێ کە شاعیر لەبەر هەر هۆیەک بێت ئاشکرای نەکردوون و لەپشت دیواری پەیڤەوە جێی

هێشتوون !. ئەم هەوڵانە لە ئەزموونی شیعریی ڕۆژئاوا و وڵاتانی دراوسێی خۆمان و کوردیشدا نوێ نین و کۆنن. ئەمانە، بۆ ئێمە و لەم سەردەمەدا ناچنە خانەی کاری داهێنان و نوێخوازییەوە، هەر بۆیە بۆ منیش، ناکرێ وەکو کارێکی بەجیاهەڵکەوتوو بێتە حسێب. دیارە ناشکرێ کارێکی عەفەوی و لەخۆڕا بێت. ئەمە دەشێ نوێکردنەوەی کۆن بێت بە هەندێک گۆڕانکارییەوە. ئەم جۆرە شێوازەی دابەشکردن، ئێستا لە میانەی " ئەگەر"ەکانی کاری کۆمپیوتەرەوە هەم ئاسانترە و هەمیش دەکرێ هونەرییانەتر خۆ بنوێنێ!.

+ ئێوە چەند هەوڵێکتان لە ئەدەبی منداڵاندا هەیە، چۆن دەڕواننە ئەدەبی ئێستای منداڵی کورد؟. دەتوانن چ بەراوردێک لە نێوانی ئەم ئەدەبەی ئێمە و ئەدەبی منداڵی سویدیا بکەن؟!.

_ هەوڵی من لە بواری ئەدەبی منداڵاندا، ئۆپەرێتێک و دوو چیرۆکن لە دووتوێی نامیلکەیەکدا بە نێوی " گۆڤەندی دارستان" کە چاپی یەکەمی ساڵی 1985 لە سوید و چاپی دووەمی ساڵی 2000 لە کوردستان بڵاوکراونەتەوە و بۆمێرمنداڵان نووسراون. ئەدەبی ئێستای منداڵان لە کوردستاندا بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوودا، گۆڕانی بەرچاوی بەخۆوە دیوە و هەڵکشاوتر دێتە پێشچاو. شیعر، چیرۆک، ئۆپەرێت و دەقی شانۆیی تایبەت بە منداڵان، دەرهەق بە هەلومەرجی تایبەتی کوردستان و بارە ڕۆشنبیرییەکەی ڕوو لە زیادبوونن. ئەو قەیرانەی بزووتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی تێ کەوتووە، ئەدەبی منداڵانیشی لێ بێبەش نییە. لێشاوی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە و نەبوونی جۆرێک لە سانسۆری ڕۆشنبیری " نەک سانسۆری فیکر و ڕادەربڕین" دەقە جددی و سەرکەوتووەکان دەشێرێتەوە و بواری هەڵبژاردن ئاستەنگ دەکات. زیادبوونی ژمارەی گۆڤار بە گشتی و گۆڤاری منداڵان بە تایبەتی، نابنە نیشانەی پێشکەوتنی ئەدەبی منداڵان.

گەشەکردنی ئەدەب و رۆشنبیریی میللەتێک، بە تەنیا پابەندی زەمینەی رۆشنبیری نییە و دۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی، سیستەمی دەسەڵات و دامودەسگاکان لەو بوارەدا فاکتەری گرنگ و بڕیاردەر دەبن.
پێشەوەچوونی بزاڤی ئەدەبی منداڵان، سەروکاری لەگەڵ ئامرازەکانی پەروەردە و رۆشنبیرکردنی منداڵان، خۆشگوزەرانی و فەزاکانی هەڵبژاردن بۆ منداڵان هەیە. دنیای ئەدەبی منداڵان لە کوردستان و لە وڵاتێکی وەکو سوید، دوو دنیای جیاوازن و "لە ئێستادا" نە بەراورد دەکرێن و نە لە هیچکوێیەکیش بە یەک دەگەن.
+ لە بارەی ئەدەبی کوردییەوە چیت بە ئەوروپا گەیاند و لەوێشەوە چی بۆ کوردستان دێنیتەوە؟!.
_ زمانی نووسین و بیرکردنەوە و گەیاندنی من، کوردییە و وەرگێڕێکی دیار و باڵادەستیش نیم تا لە هەوڵی بە سویدیکردنی شاکارەکانی ئەدەبی کوردیدا بووبێتم. بۆ قسەکردنیش لەهەگبەی گەڕانەوەم، جاری وەختە!.
+ زۆر نووسەر و شاعیر و رۆماننووس کە بەشداریی شۆڕشێک دەکەن ئیتر شۆڕش کەمەندکێشیان دەکات و لە وشە و کاری ئەدەبی دووریان دەخاتەوە... بەڵام ئێوە بە پێچەوانەوە.. بۆ؟!.
_ رەنگە ئەم پرسە گشتگر نەبێت و من هاوڕات نەبم. زۆرن ئەو نووسەر و ئەدیبانەی لە بزووتنەوەی موقاوەمەت و شۆڕشی میللەتەکانیاندا بەشدارییان کردووە، چوونەتە زیندان، دەستبەسەر کراون و تورڕدراونەتە مەنفا و سەنگەرەکانیان بەر نەداوە، کەچی دەستبەرداری پەیامی ئەدەبەکەیان نەبوونە و کاری سیاسییان بۆ سیاسەتکاران بەجێ هێشتووە!.
من پێش چوونە شاخ و شۆڕش، خوێنەرێکی باش بووم و لە ناخی خۆمدا و بۆ خۆم بە جۆرێک لە جۆرەکان شاعیر بووم. شاعیر لە هەست، ئیحساسات، بینین، رەفتار و مامەڵەمدا بۆ خۆم و دەوروبەرم. لە

شاخیش، هەرگیز کۆڵەپشتەکەم لە مەولەوی، نالی، مەحوی، گۆران، هێمن، شێرکۆ و پەشێو و هەڵمەت خاڵیی نەبوو. ریژنەی گوللە، دەنگی بۆمبا و رەنگی خوێنەڕژاوەکان، نەیانتوانی رەنگاڵەی ئەدەب لە هزرمدا کاڵ بکەنەوە... هەمیشە چیخۆف، گۆرگی، ئیتماتۆف، فۆکنەر، هەمینگوای، جوبرا، یەشار کەمال، حوسێن عارف، شێرزاد حەسەن، حەمەفەریق حەسەن و زۆری دیکەش لە تەنیشت ماوتسی تۆنغ، لینین، دوبریە، جیڤارا و ئارامدا بە کۆڵمەوە بوون!. ساتێ بۆ یەکەمجار شیعری "ئەشق و ئازادی"ی هێمنم خوێندەوە، هەژدە سەعات بوو بە رێگاوە بووم و پاش خوێندنەوەی هەستم بە فڕین دەکرد!... ساتێ گوێم لە کاسێتی "ساتێ شارە زەرەواڵە دەهروژێ"ی حەمەسەعید بوو، گوتم: هاکا بەعس رووخا!.. کە لە بنکاچێکدا "دووربین"ی حەمەفەریقم خوێندەوە، پێم وابوو سەیری فیلمێکی " تارکۆفسکی" دەکەم!. بە درێژایی ساڵانی خەباتی سەختی شاخ، ململانێیەک لە ناخ و رۆحمدا دەیهاڕیم.. بگرەوبەردەی نێوان ئەدەب و سیاسەت!.. ئەوسا پێم وابوو کە ئەدەب و نووسین و هەموو شتەکان دەبێت لە خزمەتی سیاسەت و شۆڕش و شاخدا بن، بێ ئەوەی لە پەیوەندییەکانی نێوان شۆرش و شاخ و سیاسەت بگەم!. ئێستاش دەپرسم: داخۆ چیا و مەسەلەکانی دەوروبەری هێند پیرۆز بوون و ئەو هەموو رۆحکوشتنەیان دەهێنا؟!. ئەدی ئەم شاخی لەخوێن هەڵکێشراوی بۆ شار گوێزراوەیە، بە کوێمان دەگەیەنێ؟!. بەڵێ.. رەوتی روداوەکانی سیاسەت بۆ بۆ من وەها کەوتنەوە کە من لە دنیای سیاسەتدا، سیاسەتکارێکی نامۆ بە حیزب و سیاسەتی کوردی دەربچم و نەبمە "سیاسەتباز"ێکی سەرکەوتوو!.
گوزەراندنی دەساڵانی ژیان لە دژوارترین هەلومەرجی لە گڕ و خوێن هەڵژەنراوی کوردستان و سێساڵانیش کڕکەوتن لە گۆڕەماڵێکی بن دۆڵانی "جافەتی"دا، سەرپاکی سیستەمی تێفکرین و تێڕامانمی بۆ ژیان، سیاسەت، ئینسان، شۆڕش و خودی خۆم هەڵوەشاندەوە و سیستەمێکی

دیکەیان لە جێگایدا دانا. دەساڵانیش ئاوەرەبوون و غوربەتی، بۆ من بوونە ئەزموونێکی دیکەی ژیان و هەر تاڵەموویەکیان لەگەڵ سیاسەتی مولتەزیمدا پێ پساندم!.
ئیدی سیاسەت و کاری سیاسی جێگایان بۆ کاری نووسین و ئەدەب چۆڵ کرد... ئەنجامیش بە کوێ دەگات؟.. نازانم!!.
+ لە کۆمەڵە هۆنراوەی (( گەڕان لە دوی سەرابی نیشتمان))دا تارمایی ئافرەت و عەشق و سۆزی رۆژهەڵاتی کەمتر بەدی دەکرێن، ئایا هۆیەک بۆ ئەوە هەیە؟.
_ " گەڕان لە دوی سەرابی نیشتمان" ، گەڕانە لەدوی خودێکی ونبوو لە نێوان نیشتمانێکی ونبووی نائامادە و دۆزەخی تاراوگەیەکی لە رۆح و جەستەدا ئامادە. ئەمە چیرۆکی نامۆبوونە بە خود، دەورووبەر، نیشتمان و بەهەشتە بۆ من دۆزەخەکەی تاراوگە. ئەو کۆمەڵە شیعرە، تەقینەوەی کانیلە بەخەمگیراوەکانی رۆحی منن کە لە ژێر چەخماخەی هەوری غوربەتدا، لە ئێستادا، بەسەر جوانییە لیخنکراوەکانی نیشتمان و حەز و خۆزگە کوژراوەکانی مندا دەڕژێ. پێموایە ئەگەر بەشێک لە شیعرەکان دەنگ و هاژەیەکیان تێدا بێت، ئەوە زایەڵەی کاروانی گەڕانەوەی نەستە بەرەو ئەو جوانی و ئەشقە رۆژهەڵاتییانەی کە ئێمە لە دۆزەخی رۆژهەڵاتدا بزرمان کردن....
(( وام نیازە لە رێگا/ لە مێرگ و گوڵجاڕی ئاسمانا/ چەپکێ گوڵ لە باخی ئەستێرە/ رووبارێ لە چاوی خۆرەتاو/ دەسماڵێ لە پەلکەزێڕینە/ بچنم و بە پرتاو/ بێئەوەی لە دەرگای دڵی تۆ یا هی شار/ رووخسەتێ وەرگرم/ بێمەوە و بۆ خودای ئەم ئەشقە سەرشێتەم/ سەرکەچ کەم، سەروەرم... شیعری گەڕانەوە)).
لەژێر خەمی هەر خەونێکەوە، خەونی ژنێک هەیە. لەژێر جوانیی هەر جوانییەکەوە، شیرینیی ژنێک هەیە. وا هەست دەکەم لە هەر ئەشکەوتێکدا خەوتبێتم، ژنێک لەگەڵمدا خەوتووە... بە هەر چیایەکدا

هەڵگەڕابم، شۆخێک لەسەر کۆڵم دانیشتووە.. لە هەر فڕگەیەک دابەزی بم، دەست لە نێو دەستی جوانێک دابەزیوم.. لەژێر پێستی ئەو پەیڤانەشدا کە خەمی سیاسەتیان هەڵگرتووە، کیژێک سەما دەکات.
ئەشق و میهرەبانییەکانی دایکم، زۆربەی وێنەکانیان لێوانلێو کردوون.
من لە " میحرابی رۆحی دایکم"دا، هەموو خەونە بزڕکاوەکانی وڵات و هەموو وێرانییەکانی ئەنفال، بە رۆحی ئەو نیشان دەدەم!... (( دایکە گیان!.. هاتمەوە/ شار: گوند و گوند/ بەرد و بەرد: خوێن و / خوێن: مێژوو ی وڵات و وڵاتیش: بزنێکی لە بزگەل جێماوی لات لات بوو...
شیعری " لە میحرابی رۆحی دایکمدا")).
لە شیعری " تەنیایی"دا، سەختترین ئازار بۆ خۆشەویستیی ژن دەچێژم...
(( قاپێ ڤۆدگا،
جامێکی سەرڕێژ چوالەماچ،
من و ئەو بووین..
لە دوا پێکدا، گوتی: ماڵئاوا!..  سەگەکەم تەنیایە!
ئەو رۆیشت و
من و قاپێکی بەتاڵ و بۆنی شیعر و
ژوورەکەم تەنیا ماینەوە!)).
+ شێوەیەکێتییەکی نووسەرانی کورد لە ئەورووپادا هەیە؟.
ـ کورد، چۆن لە جوگرافیا و خیتابی سیاسیدا بە دابەشبوون مەحکومە، ئاواش لە پانتایی رۆشنبیریدا فرەپارچەن!.. دەنا بۆ نییە!.. کوردانی باکوور، هەم پێنکلوب و هەم یەکێتی نووسەرانیان هەیە و تایبەتە بە کوردانێ کە بە دیالێکتی کرمانجیی سەروو دەنووسن و دەئاخێون.
کوردێکی سورانیزمانم پێ شک نایەت لەوێدا ئەندام بێت. لە سوید، ئەزموونێکی تێکشکاوی یەکێتیی نووسەرانمان هەبوو کە زۆرینەی نووسەرانی کوردی لەخۆ گرتبوو و گۆڤاریشی بە دوو دیالێکتان دەردەکرد!.

یەکێتیی نووسەران وەکو سەندیکا یاخود ڕێکخراوێکی پیشەیی لە ئەورووپادا، لە رووی پراکتیکەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و پێویست نییە. بەو پێیەی کە پێداویستییەکانی نووسەران، لە کن دەسگا کولتوورییە ئەورووپییەکان جێ بەجێ دەبن.

+ لە تاراوگەکانی ئەورووپادا زیاتر بایەخ بە گورانی و گۆرانیبێژی کوردی دەدرێ نەک ئەدەب و هونەر و رۆشنبیریی کوردی.. هۆی ئەمە چییە؟.

ـ هونەری گۆرانی و موزیک، هەندێ هەوڵی جددی و ریزپەڕی لێ دەرهاوی، ئەوا بە گشتی هونەرێکی سەرپێیی و بازرگانییە. ئەم جۆرە هونەرە، چ بۆ کورد و چ بۆ میللەتانی دیکە، کارێکی بەڕمێن و قازانجهاوەرە و جێگای گرنگی و بایەخپێدانە. کاری نووسین و ئەدەب و خۆخەریککردن لەگەڵ بابەتی فیکری و رۆشنبیرییدا، کارێکە بۆ ئیلیتێکی خوێندەوار و خوێنەرانێک کە پەرۆشی ئەو بوارەن. کوردی تاراوگەنشین، لە رووی چەنادیەتییەوە لە هەڵکشاندایە و ژمارەی خوێنەریش روو لە داچوونە. جالییەی کورد لە رۆژئاوادا، رەنگە ئەو گروپە ئیتنیکییە بێت کە لە چاو میللەتانی دیکەدا، کەمترین خوێنەری جددی هەبێت. هۆکاری ئەم دیاردەیە زۆرن و لێرەدا بواری تاوتوێ کردنی نییە. گۆرانی و شەوئاهەنگەکان، گیرفان گەرم دەکەنەوە و کاری ئەدەب و رۆشنبیری لە تاراوگەدا، گیرفان دادەتەکێنن!!.

+ ئەم گۆڤار و کتێبانە کە لە کوردستانی ئازادەوە چاپ دەکرێن، تا چ رادەیەک دەگەنە دەستتان و تا چ رادەیەک خوێنەریان هەیە؟.

ـ زۆر بە کەمی... رێگاکانی گەیاندن و دابەشکردن لەگەڵ رەوتی سەردەمدا ناڕۆن و پێک نایەنەوە. هەتا ئێستا بنکەیەکی دابەشکردنی رۆشنبیری لە ئەورووپادا نییە. ئیدی وەختییەتی دەسگا رۆشنبیرییەکانی کوردستان بیرێکی جددی لەم مەسەلەیە بکەنەوە. ئێستا ئینتەرنێت، تەنیا رێگەیەک یان ئامرازێکی پراکتیکییە بۆ رۆنانی ئەو پردەی نێوان دەسگا رۆشنبیرییەکان و خوێنەری کورد لە

ئەوروپادا. دیارە ئینتەرنێتیش گرفت و کێشەی خۆی هەیە و ئەستەمە بتوانێت ئەو ئامانجانە وەدی بهێنێت!.

2001/9/16

سەرنج:
پرسەکانی ئەم گفتۆگۆیە، شاعیر و نووسەری زێدەناسراو مامۆستا لەتیف هەڵمەت دایڕژتبوون، منیش بە فاکس وەڵامەکانم بۆ ناردەوە. داخۆ ئەم گفتوگۆیە لە هیچ یەک لە ژمارەکانی "گەلاوێژی نوێ"دا بڵاوکراوەتەوە؟!.. من نەمدیوە!!.